٤٠ فەرمودە ٤٠ ڕێگا بۆ چونە بەهەشت

ئامادەکردنی

محمد أحمد صالح

بانگەوازی سەلەفیەت

چاپی یەکەم - ڕەجەب ١٤٤٢ هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

بڵاوکراوەی پەڕەی

بانگەوازی سەلەفیەت

ئامادەکردنی

محمد احمد صالح / کوردستان / کەلار

١ رجب / ١٤٤٢ هیجری

١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زاینی

پێشەکی

الحمدلله و الصلاة و السلام على رسول الله محمد صلى الله عليه و على اله و صحبه و من تبعهم و سار على منهجهم الى يوم الدين

خوێنەری ئازیز خودا نمونەت زیاد بکات کە لە هەوڵدانیت لە تێگەیشتن لە دینەکەی خوای گەورە ئەمەی ئێستا لە بەردەستت دایە بریتیە لە (٤٠) فەرمودە کە کۆمەڵێ گفتار و کرداری چاکن ئەگەر بێتو هەر دانەیەکیان بە جوانی و بەتوندی بگریت ئەوا خوای گەورە بە بەهەشتەکەی شادت دەکات و بۆ خوای گەورە ئاسانە و بێ گومان ئێمە بونمان لە دونیا تەنها بۆ عیبادەتە

وەک خوای گەورە دەفەرموێت

(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) ٥٦ الذاريات

واتە : من جن و مرۆڤم دروست نەکردوە تەنها بۆ پەرستشم نەبێت بەتاک و تەنها .

کەواتە ئێمە لە دونیاین بۆ پەرستش لە پێناوی ڕەزامەنی خوای گەورە بۆ ئەوەی لە نارەحەتیەکانی ژیان و قەبر و قیامەت بمانپارێزێت و لە بەرامبەردا بە بەهەشت خەڵاتمان بکات و ئەمەش هەر ئەوەیە کە خوای گەورە داوای لێ کردوین و ئەمەشی دەوێت بۆمان بۆیە خوای گەورە بە ڕەحمە و لە خێر و خۆشی نەبێت بۆ ئێمە هیچی تری ناوێت هەر بۆیە بە جوانی بۆمانی ڕون کردوەتەوە کە چی بکەین دەڕۆینە بەهەشت و چی بکەین دەڕۆینە دۆزەخ

و منیش لێرەدا (٤٠ فەرمودە)م بۆتان کۆکردوەتەوە بە هەردوو زمانی (کوردی - عەرەبی) کە خۆی بۆ خۆی ٤٠ ڕێگان بۆ چونە بەهەشت و ئەم پەرتوکەش کورتە و درێژەدادڕی تیا نەکراوە هەر بۆیە بۆ لەبەرکردنیش زۆر ئاسانە خوای گەورە موفەقت بکات و بە ڕەحمی خۆی لە ئێمەش خۆشبێت و لە کەم و کوڕیمان ببورێت و ئەم پەرتوکەش بکات بە توێشویەک بۆ قیامەتمان و ئەم پەرتوکەش پێشکەشی دەکەم بە (دایکم و باوکم خوشک و براکانم و هاوسەرەکەم کە هەردەم یارمەتی دەرم بوە بۆ چاکە و لەدوای ئەمانیش بە هەموو موسڵمانان)

فەرمودەی (١)

(یەکتاپەرستی خوای گەورە)

عن أبي ذر – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ (أتاني آت من ربي فبَشَّرني أنُه من مات من أمتي لا يشرك بالله شيئاً دخل الجنة) قلت : وإن زنى وإن سرق؟ قال (وإن زنى وإن سرق)

رواه البخاري (1180)

واتە : فریشتەیەکی خوای گەورە مژدەی پێدام و پێی ڕاگەیاندم کە هەر کەسێک لە ئوممەتەکەم بمرێت و هاوەڵی بۆ خودا بڕیارنەدابێت دەڕواتە بەهەشتەوە ، منیش وتم ئەی ئەگەر زینای کردبێت یان دزی کردبێت فەرموی ئەگەر زینای کردبێت و دزیشی کردبێت هەردەڕواتە بەهەشتەوە .

(پارێزگاری کردن لە نوێژەکان)

عن عبادة بن الصامت – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ
(خمس صلوات كتبهن الله على العباد ، فمن جاء بهن لم يضيع منهن
شيئاً استخفافاً بحقهن كان له عند الله عهد أن يدخله الجنة
ومن لم يأت بهن فليس له عند الله عهد
إن شاء عذبه وإن شاء أدخله الجنة)

رواه أبو داود (1422)
وصححه الألباني

واتە : پێنج نوێژ خوای گەورە نوسیویەتی لەسەر بەندەکانی جا هەر کەسێک هیچێک لە نوێژەکانی نەفەوتێنێت بەهۆی بەکەم تەماشاکردنیانەوە ئەوا ئەو کەسە خوای گەورە پەیمانی داوە کە بیخاتە بەهەشت و هەر کەسێک ئەو پێنج نوێژە نەکات ئەوا هیچ پەیمانێک لە نێوان ئەو و خوای گەورەدا نیە جا ئەگەر خودا ویستی لێبێت سزای دەدات و ئەگەر ویستیشی لێبێت لێی خۆش دەبێت .

(چاکبون لەگەڵ دایک و باوک)

عن أبي هريرة – رضي الله عنه – أن رسول الله ﷺ قال : (رغم أنف ، ثم رغم أنف ، ثم رغم أنف قيل : من يا رسول الله ؟ قال : من أدرك أبويه عند الكبر أحدُهما أو كلاهما فلم يدخل الجنة)

رواه البخاري

واتە : لوتی ئەو کەسە بچێت بەخۆڵا لوتی ئەو کەسە بچێت بەخۆڵا لوتی ئەو کەسە بچێت بەخۆڵا هاوەڵان وتیان ئەو کەسە کێیە ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئەو کەسەیە کە دەگات بە سات و وەختی پیری و بەتەمنی دایک و باوکی یان یەکێکیان یان هەردووکیان پێکەوە پاشان چاکەیان لەگەڵ ناکات هەتا بڕواتە بەهەشتەوە .

(لە خودا ترسان و ڕەوشت جوانی)

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - أن رسول الله ﷺ سُئل عن أكثر ما يدخل الناس الجنة فقال: (تقوى الله وحسن الخلق.
وسئل عن أكثر ما يدخل الناس النار؟ فقال: الفم والفرج)

رواه البخاري

واتە : پرسیار کرا لە پێغەمبەرﷺ زۆرترین شتێک چیە کە مرۆڤ دەخاتە بەهەشتەوە ؟ ئەویش فەرموی : لەخوداترسان و ڕەوشت جوانیە ، و پرسیارکرا دەربارەی زۆرترین شتێک کە مرۆڤ دەخاتە دۆزەخەوە ؟ ئەویش فەرموی : دەم و داوێنە .

(هەوڵدان بۆ فێربونی زانستی شەرعی)

عن أبي هريرة – رضي الله عنه – أن رسول الله ﷺ قال :

(من سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهّل الله له به طريقاً إلى الجنة ، وما اجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة ، وغشيتهم الرحمة ، وحفتهم الملائكة ، وذكرهم الله فيمن عنده)

صحيح الجامع

واتە : هەر کەسێک ڕێگایەک بگرێتەبەر بۆئەوەی زانستی شەرعی فێر بێت ، خوای گەورە ڕێگایەکی بۆ ئاسان دەکات بۆ ڕۆشتنە بەهەشت ، و هیچ کەسانێک کۆنابنەوە لە ماڵێک لە ماڵەکانی خودا و قورئانەکەی خودا بخوێنن و فێری یەکتری بکەن ئیلا ئارامی دادەبەزێت بەسەریان و ڕەحمی خوای گەورە گەمارۆیان دەدات و فریشتەکان دەوریان دەدەن و خوای گەورە بە چاکی باسیان دەکات لە لای ئامادەبوانی .

(حەجکردنی ماڵی خوای گەورە)

عن أبي هريرة – رضي الله عنه – أن رسول الله ﷺ قال : (مَن حَج فلم يَرفث وَلم يفسق رَجَعَ كمَا ولدته أُمهُ)

رواه البخاري

واتە : هەر کەسێک لە پێناو خوای گەورە حەجێک بکات و بێ ئەوەی تیایدا سەرجێی بکات لەگەڵ خێزانی و هەروەها هیچ سەرپێچی تیایدا نەکردبێت ئەوا کاتێک لە حەجەکەی دەگەڕێتەوە وەکو ئەو منداڵە وایە کە تازە لەدایک بوبێت .

(سونەتە ڕەواتیبەکان کە دوانزە رکاتە)

عن أم حبيبة رضي الله عنها قالت : قال رسول الله ﷺ :
(مَن صَلى فِي يَومٍ وليلة ، ثِنتي عَشرةَ ركعة ، بنيَ لَه بَيت فِي الْجنة ، أَربعا قبلَ الظهرِ وَركعتينِ بَعدَها ، وَركعَتينِ بَعد الْمغربِ ، وَركعتين بَعدَ العشاء ، وركعتين قبلَ صَلاة الفجر)

رواه الترمذي (٤١٥)
وصححه الألباني

واتە : هەر کەسێک لە ڕۆژ و شەوێکدا دوانزە رکات سونەت بکات ئەواماڵێکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکرێت کەئەویش : چوار رکات پێش نیوەڕۆ و دوو رکات لەدواییەوە ، و دوو رکات لە دوای مەغریب و دوو رکات لە دوای عیشا و دوو رکات لە پێش نوێژی بەیانی .

ژمارەی رکاتەکان	بەیانی	نیوەڕۆ	عەسر	مەغریب	عیشا
پێش نوێژ	٢	٢+٢	-	-	-
دوای نوێژ	-	٢	-	٢	٢

(دروستکردنی مزگەوت)

عن عثمان بن عفان – رضي اللّه عنه – أنه سمع رسول اللّه ﷺ يقول (من بنى مسجدا يبتغي به وجه اللّه بنى اللّه له مثله في الجنة)

رواه البخاري

واته : هەر کەسێک لە پێناوی خوای گەورە مزگەوتێک دروست بکات خوای گەورە هاووێنەی ئەو ماڵەی لە بەهەشت بۆ دروست دەکات .

(ئارامگرتن لەسەر مردنی منداڵ)

عن أنس بن مالك – رضي الله عنه – أن رسول الله ﷺ قال: (من احتسب ثلاثة من صلبه دخل الجنة) فقامت امرأة فقالت : أو اثنان؟ قال: (أو اثنان)

رواه النسائي (1872)
وصححه الألباني

واتە : هەر کەسێک ئارام بگرێت لەسەر مردنی سێ منداڵی دەڕواتە بەهەشتەوە ئافرەتێک هەستا و فەرموی : ئەی ئەگەر ئارام بگرێت لەسەر مردنی دوو منداڵ ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : بەڵێ ئەگەر ئارام بگرێت لەسەر دوانیش هەر دەڕواتە بەهەشتەوە .

(پارێزگاری کردن لە نوێژی بەیانی و عەسر)

عن أبي بكر بن أبي موسى عن أبيه أن رسول اللّه ﷺ قال : (من صلى البردين دخل الجنة) [1]

متفق عليه

واتە : هەر کەسێک پارێزگاری بکات لە دوو نوێژە ساردەکە و لە کاتی خۆیان ئەنجامیان بدات دەڕواتە بەهەشتەوە .

[1] البردين : بریتیە لە نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر و پێیان وتراوە (البردين) چونکە کاتی بەیانی دەکەوێتە ساردترین بەشی شەو و کاتی عەسر دەکەوێتە ساردترین بەشی ڕۆژ .

[النهاية في غريب الحديث]

(ئەنجامدانی ئەم کردەوانە لە ڕۆژێکدا)

عن أبي هريرة – رضي اللّه عنه – قال : قال رسول اللّه ﷺ (من أصبح منكم اليوم صائماً ؟ قال أبو بكر – رضي اللّه عنه – (أنا) قال : فمن تبع منكم اليوم جنازة ؟ قال أبو بكر (أنا) قال : فمن أطعم منكم اليوم مسكيناً ؟ قال أبو بكر (أنا) قال: فمن عاد منكم اليوم مريضاً ؟ قال أبو بكر (أنا) فقال رسول اللّه ﷺ (ما اجتمعن في امرئ إلا دخل الجنة)

رواه مسلم

واتە : کێ لە ئێوە بەیانی کردەوە و بەڕۆژو بوە ؟ ئەبوبەکر فەرموی : (من) فەرموی : ئەی کێ لە ئێوە لەم ڕۆژەدا شوێنی جەنازە کەوت ؟ ئەبوبەکر فەرموی (من) فەرموی : ئەی کێ لە ئێوە لەم ڕۆژەدا خواردنی دا بە هەژارێک ؟ ئەبوبەکر فەرموی : (من) فەرموی : ئەی کێ لە ئێوە لەم ڕۆژەدا سەردانی نەخۆشێکی کرد ؟ ئەبوبەکر فەرموی : (من) پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئەم کردەوانە لە ڕۆژێکدا لە کەسێک کۆ نابنەوە ئیلا دەڕواتە بەهەشتەوە .

فەرموودەی (١٢)

(داوانەکردنی شت لە خەڵکی)

عن ثوبان – رضي اللّه عنه – قال: قال رسول اللّه ﷺ – : (من يتقبل لي بواحدة وأتقبل له بالجنة) قلت : أنا ! قال: (لا تسأل الناس شيئاً) قال عبدالرحمن الراوي عن ثوبان : فكان ثوبان يقع سوطه وهو راكب فلا يقول لأحد ناولنيه ؛ حتى ينزل فيأخذه .

رواه ابن ماجة (١٨٣٧)
وصححه الألباني

واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی کێ یەک خەسڵەتم بۆ مسۆگەر دەکات کە ئەنجامی بدات منیش بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم ثەوبان فەرمووی : (من) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : داوای شت لە خەڵکی مەکە .

عبدالرحمن کە ئەم فەرموودەیەی لە ثەوبانەوە ریوایەت کردوە دەڵێت : لە دوای ئەم فەرموودەیەوە ثەوبان وای لێ هاتبوو قامچی سواریەکەی لە دەستی دەکەوتە خوارەوە بەکەسی نەدەگوت بۆمی هەڵبگرەوە خۆی دادەبەزی و هەڵی دەگرتەوە .

فەرمودەی (١٣)

(سەلامکردن و خواردن بەخشین و
سیلەی ڕەحم و شەونوێژکردن)

عن عبدالله بن سلام – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ
(يا أيها النَّاسُ أفشوا السَّلامَ ، وأطعِموا الطعامَ ، وصِلوا الأرحامَ ، وصَلوا بالليلِ ، والناسُ نيامٌ ، تدخلوا الجنة بسَلامٍ)

صحيح ابن ماجة (٢٦٤٨)

واتە : خەڵکینە سەلام کردن لەنێوتان بڵاوبکەنەوە و خواردن بدەن بە هەژار و لێقەوماو و سیلەی ڕەحمتان بگەینن و مەیپچڕێنن و بەشەویش نوێژ بکەن لەکاتێک خەڵک نوستوە بەم شێوەیە بە ئارامی دەڕۆنە بەهەشتەوە .

فەرمودەی (١٤)

(پارێزگاری کردن لەم شەش خاڵە)

عن عبادة بن الصامت - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ (أضمنوا لي ستا من أنفسكم أضمن لكم الجنة اصدقوا إذا حدثتم وأوفوا إذا وعدتم ، وأدوا إذا أئتمنتم ، واحفظوا فروجكم ، وغضوا أبصاركم ، وكفوا أيديكم)

رواه ابن خزيمة و ابن حبان و حسنه الألباني

واتە : شەش شت لە نەفسی خۆتان بۆمی مسۆگەر بکەن منیش بەهەشتان بۆ مسۆگەر دەکەم ، ئەگەر قسەتانکرد ڕاست بڵێن ، و ئەگەر پەیمانتاندا بیبەنەسەر ، و ئەگەر ئامانەتێکتان پێدرا بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنی ، و داوێنتان لە حەرام بپارێزن ، و چاوتان لە حەرام دابخەن ، و دەستان لە خراپە بگرنەوە .

فەرمودەی (١٥)

(دووركەوتنەوە لەم سێ تاوانە)

عن ثوبان – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ (من فارق الروحُ الجسد وهو بريء من ثلاث دخل الجنة : الكبر ، والدَّيْن ، والغلول)

رواه الترمذي (1572) وصححه الألباني

واتە : هەر کەسێک ڕوحی لە جەستەی جیاببێتەوە (واتە بمرێت) و دوور بێت لەم سێ شتە ئەوا دەڕواتە بەهشتەوە : خۆبەزلزانین و قەرزاری و خیانەت .

فەرمودەی (١٦)

(لادانی زەرەر و زیان لەسەر ڕێگاوبان)

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ (لقَد رَأيت رجلا يَتقَلب في الجنة ، في شجرَة قطَعها مِن ظَهْرِ الطرِيق ، كانَتْ تؤذِي الناسَ)

رواه البخاري و مسلم

واتە : کەسێکم لە بەهەشت بینی بۆخۆی دەگەڕا تەنها لەبەر ئەوەی دارێک ڕێگەی موسڵمانانی گرتبوو و ئەزیەتیانی دەدا ئەویش هەستا بە لادانی .

فەرمودەی (١٧)

(ڕۆشتن بۆ نوێژی جەماعەت لە مەزگەوت)

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ (من غدا إلى المسجد أو راح أعد الله له في الجنة نزلا كلما غدا أو راح) 1️⃣

رواه البخاري و مسلم

واتە : هەر کەسێک بڕوات بۆ مزگەوت و بگەڕێتەوە بەهەر جارێک کە دەڕوات و دەگەڕێتەوە خوای گەورە لەبەهەشت سفرەی بۆ دەڕازێنێتەوە .

1️⃣ نزلاً : بریتیە لەو خوانەی کە بۆ مێوان ئامادە دەکرێت .

فەرمودەی (١٨)

(دەست بەدەستنوێژ بون و
دوو رکات سونەتی دوای بانگ)

عن عبد الله بن بريدة عن أبيه - رضي الله عنهما - قال : قال رسول الله ﷺ (يا بلال بم سبقتني إلى الجنة ؟ إنني دخلت البارحة الجنة فسمعت خشخشتك أمامي ؟ فقال بلال : يا رسول الله ! ما أذنت قط إلا صليت ركعتين ، ولا أصابني حدث قط إلا توضأت عنده . فقال رسول الله ﷺ (بهذا)

صحيح الترغيب والترهيب (١٩٤)

واتە: ئەی بیلال چۆن پێشم کەوتیت لە چونە بەهەشت ؟ من دوێنێ ڕۆشتمە بەهەشت لە پێشمەوە گوێم لە خشەی نەعلەکەت بوو ، بیلال فەرموی: ئەی پێغەمبەر ﷺ من هیچ کاتێک بانگم نەداوە ئیلا دوو رکعاتم کردوە و هیچ کات دەستنوێژم نەشکاوە ئیلا دوای ئەوە دەستنوێژم گرتوەتەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئا ئەمەیە بەوەی گەیاندوی .

فەرمودەی (١٩)

(موناقەشە نەکردن و وازهێنان لە درۆکردن ئەگەر بەگاڵتەشت بێت)

عن أبي أمامة الباهلي – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ (أنا زعيمٌ ببيتٍ في رَبَضِ الجنةِ لمَن ترَكَ المِراءَ وإن كان مُحِقاً ، وببيتٍ في وسطِ الجنةِ لمَن تركَ الكذبَ وإن كان مازحًا ، وببيتٍ في أعلى الجنةِ لمَن حَسُنَ خلُقه)

صحيح أبي داود (٤٨٠٠)

واته : من گرەنتی ماڵێک دەکەم لە خوارەوەی بەهەشت بۆ کەسێک کە واز لە موناقەشە بێنێت ئەگەریش لەسەر حەق بێت و گرنتی ماڵێک لە ناوەڕاستی بەهەشت دەکەم بۆ کەسێک واز لە درۆکردن بێنێت ئەگەریش بە گاڵتەی بێت و گرنتی ماڵێک دەکەم لە سەرەوەی بەهەشت بۆ کەسێک کە ڕەوشتی خۆی جوان دەکات .

فەرمودەی (٢٠)

(بەخێوکردنی دوو کچ یان زیاتر)

عن أبي أمامة الباهلي – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ (مَن كان له ثلاثُ بناتٍ يُؤَدِّبُهنَّ ويرحَمُهنَّ ويكفلُهنَّ وجَبَت له الجنَّة ألبتة ، قيل يا رسولَ اللهِ: فإن كانتا اثنتينِ؟ ، قال: وإن كانتا اثنتين ، قال: فرأى بعضُ القوم أن لو قال: واحدةً ، لقال: واحدة)

رواه أحمد وصححه الألباني

واتە : هەر کەسێک سێ کچی هەبێت بە جوانی پەروەردەیان بکات ، و بەسۆز بێت لەگەڵیان ، و کەفالەتیان بکات ، ئەوا بەهەشتی هەتا هەتای بۆ مسۆگەر کراوە ، هاوەڵان فەرمویان : ئەی ئەگەر دوو کچی هەبوو پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئەگەر دوانیشی بەخێوکرد هەر بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەبێت ، هەنێک لە هاوەڵان وایان دەبینی ئەگەر بیانوتبا یەک کچیش هەر پێغەمبەر ﷺ دەیگوت بەڵێ .

فەرمودەی (٢١)

(ئارامگرتن لەسەر مردنی منداڵ)

عن أبي موسى الأشعري - رضي الله عنه - أن رسول الله ﷺ قال : (إذا مات ولد العبد قال الله لملائكته : قبضتم ولد عبدي؟ فيقولون: نعم , فيقول: قبضتم ثمرة فؤاده؟ فيقولون: نعم , فيقول: ماذا قال عبدي؟ فيقولون: حمدك واسترجع ، فيقول الله : ابنوا لعبدي بيتا في الجنة وسموه بيت الحمد)

صحيح الجامع (٧٩٥)

واتە : کاتێک منداڵی بەندەیەک دەمرێت خوای گەورە بە فریشتەکانی دەڵێت : ڕوحی منداڵی بەندەکەمتان کێشا ؟ ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ ، خوای گەورەش دەلێت : بەروبومی دڵیتان لێسەندەوە ؟ ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ ، خوای گەورەش دەفەرموێت : ئەی بەندەکەم لەو کاتەیا چی وت ؟ فەرمویان : سوپاسی تۆی دەکرد و دەگوت هەربۆلای تۆش دەگەڕێینەوە ، ئیدی خوای گەورە دەفەرموێت : ماڵێک لە بەهەشت بنیاد بنێن بۆ ئەو بەندەیەم و ناوی بنێن ماڵی حەمد .

فەرمودەی (٢٢)

(مردن لە کاتی بەڕۆژو بون)

عن حذيفة ابن يمان - رضي الله عنه - أن رسول الله ﷺ قال : (من خُتم له بالصيام دخل الجنة)

صحيح الجامع (٦٢٢٤)

واتە : هەر کەسێک بمرێت و دواکردەوەی ڕۆژوگرتن بێت دەڕواتە بەهەشتەوە
(واتە مردن لە ساتی بەڕۆژو بون پاداشتی بەهەشتە)

(پارێزگاری کردن لەم دوو ویردە)

عن عبد الله بن عمرو - رضي الله عنهما - عن النبي ﷺ أنه قال : (خصلتان لا يحافظ عليهما عبد مسلم ، إلا دخل الجنة ، هما يسير ومن يعمل بهما قليل ، يسبح في دبر كل صلاة عشرا ، ويحمد عشرا ، ويكبر عشرا ، فذلك خمسون ومائة باللسان ، وألف وخمسمائة في الميزان ، يكبر أربعا وثلاثين إذا أخذ مضجعه ، ويحمد ثلاثا وثلاثين ، ويسبح ثلاثا وثلاثين ، فتلك مائة باللسان ، وألف في الميزان)

رواه أبو داود والترمذي وصححه الألباني

واتە: دوو سیفات هەرکەسێک پارێزگاریان لێ بکات ئیلا دەڕواتە بەهەشتەوە و ئەم دوو کردەوەیە ئاسانن بەڵام ئەوەی کاریان پێ دەکات کەمە ، لەدوای هەموو نوێژێک 10 جار سبحان الله و الحمدلله و الله اکبر دەڵێت ، جا ئەمە 150 دانەیە لەسەر زوبان و 1500 دانەیە لە میزانی قیامەت ، و کاتێک دەخەوێت 34 جار الله اکبر دەڵێت و 33 جار الحمدلله و سبحان الله دەڵێت بەم شێوەیە دەکاتە 100 جار و بە 1000 حسێب دەکرێت لە تەرازوی خوای گەورە .

(کەفالەتی منداڵی بێ باوک)

عن سهل بن سعد - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ : (أنا وكافل اليتيم في الجنة هكذا ، و أشار بإصبعيه السبابة والوسطى)

رواه البخاري

واتە: ئەو کەسەی کە منداڵی یەتیم (بێ باوک) دەگرێت بە ئەستۆی خۆیەوە و بەخێوی دەکات ئەوا لەگەڵ منە لە بەهەشت وەکو ئەم دوو پەنجەیەم (ئاماژەی کرد بۆ پەنجەی شایەتومان و پەنجەی ناوەڕاستی)

فەرمودەی (٢٥)

(سەردانی کردنی نەخۆش یان برایەکت لەبەر خوا)

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ : (من عاد مريضا , ، أو زار أخا له في الله ، ناداه مناد : أن طِبت و طاب ممشاك ، و تبوأت من الجنة منزلا)

رواه الترمذي و حسنه الألباني

واته: هەر کەسێک سەردانی نەخۆشێک بکات یان لە پێناوی خودا سەردانی برایەکی بکات بانگەرێک بانگی دەکات و پێی دەڵێت : خۆش بژیت و بەخێر و خۆشی هەردەم هەنگاو بنێت و لە ماڵەکانی بەهەشتدا نیشتەجێ بیت .

فەرمودەی (٢٦)

(خەسڵەتی لێبوردەیی و ئاسانکاری)

عن عثمان ابن عفان - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ : (أدخل الله -عز وجل- الجنة رجلا كان سهلا مشتريا وبائعا ، و قاضيا و مقتضيا)

صحيح النسائي للألباني (٤٧١٠)

واتە : خوای باڵا دەست پیاوێکی خستە بەهەشتەوە بەهۆی ئەوەی ئاسانکار بوە لە کاتی کڕین و فرۆشتن و لە کاتی قەرزدان و قەرزوەرگرتن لە قەرزاران .

فەرمودەی (٢٧)

(ئارامگرتن لەسەر لەدەستدانی چاو)

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ :
(يقول الله تعالى : من أذهبتُ حبيبتَيه فصَبر واحتسبَ لم أرضَ له ثوابا دونَ الجنة)

صحيح الجامع (٨١٤٠)

واتە : خوای گەورە دەفەرموێت :
هەرکەسێک دوو خۆشەویستەکەی لێ بسێنمەوە (واتە هەردوو چاوی) ئەویش ئارام بگرێت و چاوەڕێی پاداش بکات ئەوا بەهیچ پاداشتێک بۆی ڕازی نابم تەنها بەهەشت نەبێت .

فەرمودەی (٢٨)

(زوبان و داوێن پاراستن لە حەرام)

عن سهل ابن سعد - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ :
(من يَضمن لي ما بين لَحييَيْهِ و ما بين رِجْلَيْهِ أَضْمِنُ له الجنة)

رواه البخاري

واتە : هەر کەسێک گرەنتی زوبانی بکات کە خراپەی پێ نەکات و گرنتی نێوان هەردوو رانی بکات (واتە گرنتی داوێنی بکات) تاوانی پێ نەکات ئەوا منیش بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم .

(خوێندنی ئایەت الكورسی لە دوای هەموو فەرزێک)

عن أبي أمامة الباهلي - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ : (مَن قرأَ آيةَ الكُرسيِّ دُبُرَ كلِّ صلاةٍ مكتوبةٍ ، لم يمنَعْه مِن دخولِ الجنَّةِ إلا الموتُ)

رواه النسائي والطبراني
وحسنه الألباني

واتە : هەر کەسێک (ئایەت الكورسی) بخوێنێت لەدوای هەموو نوێژە فەرزەکان ئەوا هیچ شتێک نابێت بە ڕێگر لە ڕۆشتنە بەهەشتی تەنها مردن نەبێت .

فەرمودەی (٣٠)

(ڕۆژوگرتن لە پێناوی خوای گەورە)

عن أبي سعيد الخدري - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ : (من صام يومًا في سبيلِ الله ، باعَدَ اللهُ وَجهَه عن النَّارِ سَبعينَ خريفاً)

رواه البخاري و مسلم

واته : هەر کەسێک لە پێناوی خوای گەورەدا ڕۆژویەک بگرێت خوای گەورە هەفتا پایز ڕومەتی لە دۆزەخ دوور دەخاتەوە .

(لەبەرکردنی ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە)

عن أبي هريرة – رضي الله عنه – قال : قال رسول الله ﷺ :
(إنَّ للهِ تسعة وتسعِينَ اسْمًا مئة إلا واحِدا ، مَن أحْصَاهَا دَخلَ الجَنَّة)

صحيح الجامع (٢١٦٦)

واتە : خوای مەزن نەوەت و نۆ ناوی هەیە جا هەرکەسێک هەمووی لەبەر بکات ئەوا دەڕواتە بەهەشتەوە .

فەرمودەی (٣٢)

(ئەنجامدانی چل نوێژ بەجەماعەت بەسەر یەک)

عن أنس ابن مالك - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ :
(من صلى لله أربعين يوماً في جماعة ، يدرك التكبيرة الأولى كتب له براءتان ، براءة من النار ، و براءة من النفاق)

رواه الترمذي وصححه الألباني

واتە : هەر کەسیک لە پێناوی خوای گەورەدا ئامادەی چل نوێژی جەماعەت بێت بەسەر یەک بگات بە الله اکبری دابەستنی نوێژ لەگەڵ ئیمام ئەوا بۆی دەنوسرێت کە ئەستۆی ئەم کەسە ڕزگاری بوە لە دوو شت ئاگر و نیفاق (دووڕوویی)

ڕۆژانە سێ جار داواکردنی بەهەشت

عن أنس ابن مالك - رضي الله عنه - أن رسول الله ﷺ قال :
(من سأل الله الجنة ثلاث مرات قالت الجنة: اللهم أدخله الجنة ،
ومن استجار من النار ثلاث مرات قالت النار: اللهم أجره من النار)

رواه الترمذي وصححه الألباني

واتە : هەرکەسێک سێ جار داوای بەهەشت بکات
لە خوای گەورە ئیلا بەهەشت دەڵێت : خودایە با ئەو
کەسە بێتە بەهەشتەوە و هەر کەسێک سێ جار
پەنابگرێت بە خودا لە ئاگری دۆزەخ ئیلا دۆزەخ دێتە
قسە و دەڵێت : خودایە ئەو کەسە مەخە دۆزەخەوە .

ئەزیەت نەدانی خەڵکی

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : (قيل للنبي ﷺ : يا نبي الله إن فلانة تقوم الليل وتصوم النهار، وتفعل وتصدق وتؤذي جيرانها بلسانها ، فقال رسول الله ﷺ : لا خير فيها ، هي من أهل النار قالوا : وفلانة تصلي المكتوبة وتصدق بأثوار، ولا تؤذي أحدا فقال رسول الله ﷺ : هي من أهل الجنة)

رواه أحمد و البخاري في الأدب المفرد

واتە : وترا بە پێغەمبەر ﷺ فڵانە ئافرەت بە شەو شەونوێژ دەکات و بەڕۆژ بەڕۆژوە و لە سامانی دەبەخشێت بەڵام بە زوبانی ئەزیەتی دراوسێەکەی دەدات پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئەو ئافرەتە خێری تیا نیە لە ئەهلی دۆزەخە ، و باسی ئافرەتێکی تریان بۆکرد کە تەنها فەرزەکانی ئەنجام دەدات لەگەڵ ئەوەی کەشک دەبەخشێت بەڵام ئەزیەتی کەس نادات پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئەمەیان لە ئەهلی بەهەشتە .

فەرمودەی (٣٥)

زۆر صەڵاواتدان لەسەر سەرورمان ﷺ

عن عبدالله ابن مسعود - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ (إن أوْلَى الناسِ بي يوم القيامةِ أكثرهُم عليَّ صلاة)

صحيح الترغيب والترهيب / ١٦٦٨

واته : شایەنترینتان و نزیکترینتان لە من لە ڕۆژی قیامەت ئەوەتانە کە زۆر سەڵاواتم لەسەر دەدات .



(شایەتیدانی خەڵکی بەچاکە لە دوای مردن)

عن عمر ابن الخطاب - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ « أيُّما مُسلم شَهِد له أربعة بخير ، أدخله الله الجنة » فقلنا : وثلاثة؟ قال: « وثلاثة » فقلنا : واثنان ؟ قال: « واثنان »

رواه البخاري

هەر موسڵمانێک لە دوای مردنی چوار کەس شایەتی خێری بۆ بدات کە چاک بوە ، خوای گەورە ئەو کەسە دەخاتە بەهەشتەوە ، وتیان ئەی ئەگەر سێ کەس شایەتیدا پێغەمبەر ﷺ فەرموی : ئەگەر سیانیش بێت وتیان ئەی ئەگەر دوان بوو فەرموی ئەگەر دوانیش شایەتی خێریان دا بۆی خودا دەیخاتە بەهەشتەوە .

فەرمودەی (٣٧)

(گوێڕایەڵی کردنی مێرد)

عن عبدالرحمن بن عوف - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ (إذا صَلتِ المرأةُ خمسَها وصَامَت شهرها وحفِظت فرجها وأطاعت زوجها قيل لها ادخلي الجنة من أيِ أبوابِ الجنةِ شئت)

صحيح الجامع / ٦٦٠

ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزەکەی بکات و مانگی ڕەمەزان ڕۆژوو بگرێت و داوێنی خۆی بپارێزێت لە حەرام و گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بکات لە قیامەتدا پێی دەوترێت بڕۆڕە بەهەشتەوە لەهەر دەرگایەکی بەهەشت دەتەوێت

(خۆشویستنی خودا و پێغەمبەر ﷺ)

عن أنس ابن مالك - رضي الله عنه - (أَنَّ رَجُلا سَأل النَّبِي ﷺ عَنِ السا عةِ ، فقالَ: مَتى الساعَة ؟ ، قال: (وَ ماذا أَعدَدتَ لها) ؟ قالَ : لا شَيء ، إِلا أَني أُحِبُّ اللّهَ وَرَسُولهُ ﷺ . فَقالَ: (أَنتَ مَعَ من أَحبَبت)

رواه البخاري و مسلم

واته : پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد فەرموی : کەی قیامەت دێت ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : تۆ چیت بۆ قیامەت ئامادە کردوە ؟ ئەویش فەرموی : هیچم ئامادەنەکردوە تەنها ئەوەندە نەبێت من خودا و پێغەمبەرم ﷺ خۆشدەوێت پێغەمبەر ﷺ فەرموی : تۆ لەگەڵ ئەو کەسەدایت لە قیامەت کە خۆشتدەوێت .

فەرمودەی (٣٩)

(گوێرایەڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ)

عن أبي هريرة - رضي الله عنه - قال : قال رسول الله ﷺ (كلُّ أُمَّتي يَدْخلُونَ الجَنَّة إِلا مَن أَبَى ، قالوا: يا رَسُولَ اللَّه ، وَ مَن يأبَى؟ قالَ: مَن أَطاعَنِي دَخلَ الجَنَّة، وَمَن عَصَانِي فقدْ أَبَى)

رواه البخاري

واتە : هەموو ئومەتەکەم دەڕۆنە بەهەشتەوە ئیلا مەگەر کەسانێک خۆیان نەیانەوێت ، هاوەڵان فەرمویان : باشە کێ بەهەشتی ناوێت ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی : هەرکەسێک گوێڕایەڵیم بکات دەڕواتە بەهەشتەوە ، و هەرکەسێک سەرپێچیم بکات ئەوە دیارە بەهەشتی ناوێت .

(راستگۆیی)

عن عبدالله ابن مسعود - رضي الله عنه - قال :قال رسول الله ﷺ (عليكم بالصدق ، فإن الصدق يهدي إلى البِرِّ ، وإن البر يهدي إلى الجنة ، وما يزال الرجل يصدق ويَتحرى الصدق حتى يكتب عند الله صديقًا ، وإياكم والكذب ، فإن الكذب يهدي إلى الفجور ، وإن الفجور يهدي إلى النار ، وما يزال الرجل يكذب ويَتحَرى الكذب حتى يكتب عند الله كذّابا)

متفق عليه

واتە : ڕاست بڵێن ، چونکە ڕاستی ڕێنمونیت دەکات بۆ چاکە و چاکەش دەتبات بۆ بەهەشت و پیاوی وا هەیە هەردەم ڕاستگۆیە و هەوڵی ڕاستی دەدات هەتا لە لای خودا لە ڕاستگۆیان تۆمار دەکرێت ، و نەکەن درۆ بکەن چونکە درۆ مرۆڤ بۆ خراپە دەبات و خراپەش بۆ ئاگر و پیاوی وا هەیە هەردەم درۆدەکات و درۆ هەڵدەبژێریت هەتاوەکو لە لای خوای گەورە لە درۆزنان تۆماردەکرێت .

(لە کۆتایدا)

لە سەرەتا و لە کۆتا سوپاس و ستایشی پەروەرێنم دەکەم کە
یارمەتی دام بۆ تەواو کردنی ئەم کتێبە

(٤٠ فەرمودە و ٤٠ ڕێگا بۆ چونە بەهەشت)

و پاشان درود وسەڵەوات دەنێرم بۆ ئازیزی دڵان و نوری چاوانمان
محمد ﷺ ، پاشان زۆر سوپاسی ئێوەی خۆشەویست دەکەم کە
خوێنەری ئەم کتێبە بون

خوێنەری ئازیز داواکارم لە خودای باڵادەست تەمەنت پڕ بکات لە خێر و خۆشی و ئەمەی ئێستا خوێندوتەتەوە لەم کتێبە بیکات بە هیدایەتت لە دونیا و توێشویەك بۆ قیامەتت ئازیز بەدڵنیایەوە کار و کردەوەی تریش هەیە بۆ ڕۆشتنە بەهەشت بەڵام من ئەمەندەم توانی بۆتانی کۆبکەمەوە داواکارم لە خودای گەورە لێمانی قبوڵ بکات و ئێوەش بە لوتفی خۆتان لە هەڵە و کەم و کوڕیەکانمان ببورن ، کامڵێتی تەنها شایەنی خودایە ، جا هەر چاکەیەکتان بەدی کەوت لەم کتێبە ئەوا لە خوداوەیە و هەر خراپەیەکیشتان بینی ئەوا بەدڵنیایەوە لە نەفسی خۆمەوەیە جا داواکارم لە زاتی پیرۆزی الله لە ئێمە و ئێوەش خۆش بێت و بە ڕەحمی خۆی ڕەحم بە هەموو لایەك بکات ئامین اجمعین .

الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات

فەهرەستی فەرمودەکان

فەرمودەکان ـــــــــــــــــــــــــ ژمارەی لاپەڕەکان

فەرمودەکان	ژمارەی لاپەڕەکان
کەفالەتی منداڵی بێ باوک	٢٦
سەردانی کردنی نەخۆش	٢٧
لێبوردەیی و ئاسانکاری	٢٨
ئارامگرتن لەسەر لەدەستدانی چاو	٢٩
پاراستنی چاو و داوێن لە حەرام	٣٠
خوێندنی ئایەت الكورسی لە دوای هەموو فەرزێک	٣١
ڕۆژوگرتن لە پێناوی خودا	٣٢
لەبەرکردنی ناوە پیرۆزەکانی خودا	٣٣
ئەنجامدانی چل نوێژ بە جەماعەت بەسەر یەک	٣٤
ڕۆژانە سێ جار داواکردنی بەهەشت	٣٥
ئەزیەت نەدانی خەڵکی	٣٦
زۆر سەڵاواتدان لەسەر سەروەرمان	٣٧
شایەتیدانی خەڵکی بەچاکە لە دوای مردن	٣٨
گوێڕایەڵی کردنی مێرد	٣٩
خۆشویستنی خودا و پێغەمبەر	٤٠
گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر	٤١
ڕاستگۆیی	٤٢
کۆتایی	٤٣

فەزڵی تێگەیشتن و لەبەرکردن و گەیاندنی فەرمودەکان

قال رسول الله ﷺ

نضَّر اللهُ امرءًا سمِع مقالَتي فوعاها وحفِظها وبلَّغها فرُبَّ حاملِ فِقهٍ ، غيرُ فَقيهٍ ورُبَّ حاملِ فقهٍ إلى من هو أفقهُ منه

صحيح الترمذي للألباني | ٢٦٥٨

خوای گەورە ڕومەت و ڕەوشتی ئەو کەسە جوان و دەروشاوە بکات کاتێک فەرمودەیەکی من دەبیستێت لێیتێدەگات پاشان لەبەری دەکات پاشان بەخەڵکی دەگەیەنێت ، ڕەنگە هەڵگری زانستێک خۆی زانا نەبێت بەڵام بەکەسی تری ڕابگەیەنێت کە نەزانە یان بەکەسی لە خۆی زاناتر ڕابگەیەنێت